# سەرۆکە بەرێزەکان, داوای لێبوردنتان لێدەکەم

**عومەرمحەمەد**

دەبینم کە دەستی تیرۆرستان دەگاتە یەختان ئێوە چۆن, هانا بۆ هاولاتیان دێنن‌و داوای هاوکارییمان لێدەکەن, تکایە کەس نەلێت ئەمە زیادە رۆیە, چونکە ئەمە بووەتە عادەتی سیاسەتکردن, بەلام هەرئەوەندەی لەتەنگژە قوتاربوون, نەخەلکتان لەبیرە ونە ئامادەن هاوکاری کەسی وەك من بکەن, دەزانم لە دیدی بەریزتانەوە, هاولاتی کێیەوکێ مافی هاولاتی بوونی هەیە, دەزانم لەدیدی بەرێزتانەوە من هاولاتی نیم‌وئەگەر هاولاتیش بم نازانم پلەی چەندەمم بۆدادەنێن, هەرچەندە من نەمالم هەیەو نەفۆرمی بایەعی, کەچی پێتانخۆش بێت یان نا, من هاولاتیم ولە ئێوەش زیاتر دژی تیرۆرستانم‌ولە ئێوەش باشتر دلم بۆ مرۆڤایەتی دەسووتێ, ڕەنگە ئەم قسانەی من بە بێ ئەدەبی لێکبدەنەوە, بەلام دلنیابن بێ ئەدەب نیم, مافم پێشێلکراوە, رەنگە بەولۆژیکە دەمکوتم بکەن کەدەلێت : تۆمافت نیە هەتا پێشێل کرابێ, ئیدی نازانم چۆن وەك مرۆڤێکی فەرامۆشکراو ئەرکی سەرشانمە هاوکاری حکومەت‌ویاسابکەم؟, پۆلیسەکانتان دەزانن لە سەر ئەو جادانە دەنوم کە بەرێزتان پێی دەلێن بەر سینەماکان, هەناسەم لێبرا هێندەی رۆژنامەنوسان وێنەم بگرن, نازانم گەورەکانمان رۆژنامەناخوێننەوە؟ ناپرسن ئەم مەخلوقانەی وەك من دەژین لەکوێوە هاتوونە ئەم مەملەکەتەی کەپێی دەلێن کوردستان؟ ناپرسن چۆن دەژین بۆ دەژین؟ ناترسن هەموو ببینەتیرۆرست‌وبەگژخۆمان‌وئەمدنیایەدابێینەوە؟! دەزانم وەختی ئەوەتان نی‌یە لەحالی ئێمەومانان بپرسن, بەلام بۆخۆم چیرۆکی ژیانی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە: بابی من ئاوەو ئاوچوو..! دەزانن بۆ؟ چونکە بەدەستی ئێوە یان لەسۆنگەی شەڕەکانی ئێوەدا, کوژراو دایکیشم لە حەژمەتی نەبوونیمان زووخاوکوشتی‌وگیانی سپاردوکەس‌وکاریشم هەموو ئەنفالکران, ئێستاشی لەگەلێ بێت نازانم کێ بابی منی کوشت, بەلام دلنیام ئەگەر بکوژەکەی زیندوو بێت ئێستا مشەخۆرێکی تەمبەلی نێو دەزگاکانتانەوئەگەر مردووش, (جا باش بووبێت یان جاش) هەنوکە لەڕقی لایەکتان بەشەهیدی لایەکی ترتان حسابکراوەو موچەی شەهیدانەشی بۆ بڕدراوەتەوە, بەلام من هەر دەژیم‌ونابمە بونەوەرێکی وێرانکەر, ئەی چیرۆکی زلێخاو دیمەنی‌کچیتان لەهەفتەنامەی جەماوەر نەخوێندەوە, کە لەنزیك مالی پەرلەمان لە بەرانبەر چێشتخانەی واشنتۆن, لەشێخی چۆلی بەرۆژ خۆیان لە تیشکە گرنجگرنجەکانی خۆری پیرە هەولێرێ دەشارنەوەوبندیوارو بندیوار دەخولێنەوە؟ ئەی چیرۆك‌وڕیپۆرتاژەکانی نێو ڕۆژنامەوبلاوکراوەئەهلیەکان ناخوێننەوە؟ سۆزی هەلبروزکاوی ئەو هەموو ژنەی شۆرش‌ورزگاری‌وبادینان ناخوێننەوە کەلەنوگرە سەلمان گەراونەتەوەوئەنفال هەلی قرچاندوون‌و داواتان لێدەکەن, بەئەمەك بن بەوەفا بن, ئەی نابینن مشەخۆرەکان, ئەنفالچیەکان, بەعسی‌یە بێشەرمەکانی دوێنێ بەچلەی هاوین لە نێومال‌وبارەگای حزبەکانتان چاکەتی ئەستورلەبەردەکەن بۆئەوەی هەوای کەللەتەزێنی سپلیتەکان نەخۆشیان نەخا؟ کەچی بەو حالەشەوە دەتانەوێ گچکەوگزگلێکی بەرقاپی ئەو پیاوانەبم کەکەس نازانێ بۆچی بەو هەموو نەخوێندەوارییەی خۆیانەوە بوونەتە دەمراستی گەل؟ بۆچی بێحساب‌وکتاب دێنو لەپردەبنە خاوەنی کۆمپانیاو شتی تریش؟ ببوورن, بەرێزینا من لە هەموو شتێکی ئێوە بەگومانم, دەزانم لەم گومان‌و دلساردیەشم ناپرسن, بەلام با من لێتان بپرسم: ئەگەر بەر لە ئاشکرابوونی کارەساتی(شێخ) کەهەموانی ئەبلەقکرد , من بەشێخی تیرۆرستانم گوتبا شێخ نەفام, لە زیندان توندتان

نەدەکردم؟ ئەگەر پێش ڕوونبوونەوەی ڕاستیەکان گومانی خۆم بەئێوەگوتبا, پێتان نەدەگووتم ئاژاوەگێڕێکی لەبرسامردوو چاوچنۆك, سوکایەتی بەپیاوماقوولان وشێخ وشێخزادە بەڕێزەکان دەکا؟ ئەگەر ئێستاش پێتان بڵێم ئەوهەمموو ئەنفالچیانەو شێخ نەفام لەتاوانەکانی ئەم میللەتدا جیاوازییان نییە, ئەگەر پێتانبڵێم ووردبگەڕێنولەدەوروبەری خۆتان سەدان تاوانکاروکۆنەبەعسی دڵڕەقوموجاهیدی هاوشێوەی شێخ نەزان دەبیننەوە, لەقاوم نادەن؟.. دڵنیابم لەوەی سەرەونگوونم ناکەن؟؟ ئیدی زەمانەتم هەیە لەوەی نامبەنە دیوەخانی ماڵی شێخێکی تروسەرم نابرنوقونم نادڕن؟! ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەتان بەدڵی خۆمدایەوە, ئەو ساتە پێویست بەداواکردنی هاوکاری ناکات, ئەگەرنا داوای هاوکاری چیم لێدەکەن؟!